# مەراسیمێك بۆ عەشق






ماوەیــــــــەكە

سۆزی نۆتەكانی دەنگت

وەك سیمفۆنیـــــــا

بەگوێچكەمدا نازرنگێنی

سیمای پڕ وەنەوزەی جوانیت

بەتارمایی چاوانم دا تێناپەڕێ

ئاخ... ئەگەر دەزانی

بارتەقای چ دەریایەكی

بێ كۆتایی... یادت دەكەم

ئەوەندە تامەزرۆی بینینتم

وەك دەمی قلیشاوی خاكێك

بۆ لێزمەی بارانی خۆشەویستی

وەك گەڵای سیسی درەختێك

بۆ شەپۆڵی تیشكی چاوەكانی خۆر

لێم مەپرسە بۆ ئەوەندە

هۆگری خشپەی هەنگاوەكانی تۆم

لە جێ ژوانی تەنیایم دا

بۆ چنینی ئەوینێکی پڕشەنگداری
شەوە زەنگێکی هێمن...
کە هەردووکمان لە تکای
ئازارەکانی چاوەڕوانی . . . بگەین . . !
من بۆ ساتێکی دڵە وێرانەکەی
ژێر رەحمی زامەکانی
جـــــوانی تۆ . . !
تۆش بۆ گڕی خەمەکانی
ئەم شەوە بێ ئارامە . .
کێ لە زەمانی ئاخاوتنی
دوو هەنسکی پڕ ئەوینی
ئێمە تێ دەگا . . !
کێ لەگەڵ دەنگی
تاسەی تێکەڵ بوونی
دوو جەستەدا
وە ئاگا دێ . . !
تا کات . . تا سات
بەســـــەر بچێ
ســـــەدای دەنگی
عەشقی ئێمە لەم شەوەدا
بێ دەنگ نابێ . . بێ دەنگ نابێ . . !

xamosh_senheng@yahoo.com